اللَّهُمَّ باعد بيني وبين خطاياي كما باعدت بين المشرق والمغرب

له ئەبی هورەیرەوە-ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر تەکبیری^ بکردایە بۆ دەستپێکردنی نوێژ هەندێک بێدەنگ دەبوو، پێش ئەوەی قورئان بخوێنێت، بۆیە منیش ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، دایک وباوکم بە فیدات بن، لە کاتی بێدەنگ بوونت لە نێوان تەکبیرکردن وخوێندنەوەدا: چی دەڵێیت؟ فەرمووی: دەڵێم: «اللَّهُمَّ باعد بيني وبين خطاياي كما باعدت بين المشرق والمغرب. اللهم نَقِّنِي من خطاياي كما يُنَقَّى الثوب الأبيض من الدَّنَسِ. اللهم اغسلني من خطاياي بالماء والثَّلْجِ وَالْبَرَدِ»، واتە: «خوای گەورە دووری بخەرە نێوان من وگوناهەکانم وەکو دووری نێوان ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا، خوای گەورە لە گوناهەکانم پاکم بکەرەوە هەروەکو چۆن جلی سپی لە چڵک و پیسی پاک دەکرێتەوە، خودایە پاکم بکەرەوە وبم شۆرەوە لە گوناهەکانم بە ئاو وبەفر وتەرزە». ^(تەکبیرە: مەبەست لێی یەکەم -الله أكبر-ە کە دەووترێت بۆ دەستپێکردن بە نوێژکردن)

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر تەکبیری بکردایە بۆ نوێژکردن ؛ بۆ ماوەیەکی کەم بێدەنگ دەبوو پێش ئەوەی سورەتی -الفاتحة- بخوێنێت، نوێژەکەی دەستپێدەکرد بە خوێندنی هەندێك نزا، لەو نزایانەش کە لە سوننەتدا هاتووە: «اللَّهُمَّ باعد بيني وبين خطاياي كما باعدت بين المشرق والمغرب. اللهم نَقِّنِي من خطاياي كما يُنَقَّى الثوب الأبيض من الدَّنَسِ. اللهم اغسلني من خطاياي بالماء والثَّلْجِ وَالْبَرَدِ»، واتە: «خوای گەورە دووری بخەرە نێوان من وگوناهەکانم وەکو دووری نێوان ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا، خوای گەورە لە گوناهەکانم پاکم بکەرەوە هەروەکو چۆن جلی سپی لە چڵک وپیسی پاک دەکرێتەوە، خودایە پاکم بکەرەوە وبم شۆرەوە لە گوناهەکانم بە ئاو وبەفر وتەرزە»، داوا لە خوای گەورە دەکات -عز وجل- بەوەی دووری بخاتە نێوان ئەو وگوناهەکان ؛ بۆئەوەی تووشیان نەبێت، دوورخستنەوەیەك کە هیچ بەیەکگەیشتنێکی تێدا نەبێت، هەروەکو چۆن ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا هەرگیز بە یەك ناگەن، وئەگەر تووشی گوناهەکان بوو ؛ پاکی بکاتەوە لێیان ولایبات لەسەری هەروەکو چۆن پیسی لادەبرێت لەسەر پۆشاکی سپی، وبیشوات لە گوناهەکانی وگڕ وتینی لەسەر سارد بکاتەوە بەم پاککەرەوە سارداندە: ئاو وبەفر وتەرزە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3104